## ڕوونکردنەوە. . . جەمال چاوشینی وەندەرێنە

هۆڵەندە، 09-11-2005

کوردستانی نێتی بەڕێز
سڵاوتان لێ بێت

ماوەیەکە چەندین هاورێ و برادەر و پێشمەرگەی دێرینی ناوەوە و دەرەوەی وڵات پەیوەندیم پێوە دەکەن، چ بەرێگەی ئیمێڵ یان تەلەفۆن کە گوایە کەسێك بەناوی (جەمال چاوشین) هەندێ نوسین و وتار لە کوردستان نێتدا بڵاو دەکاتەوە، منیش ئەم ڕوون کردنەوەیەی خوارەوە دەنوسم، و هاوڕێیان و دۆستان و گشت لایەك ئاگادار دەکەمەوە کە ئەو کەسە من نیم و تەنها ناوی وەك ناوی من وایە، (چونکە من لەناو هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بە جەمال چاوشین ناسراوم) جا نازانم ئەو بەڕێزە ناوی خۆیەتی یان نازناوە یان ناوێکی خوازراوە بۆ مەبەستێکی تایبەت بەکاری دەهێنێت.

من وەك پێشمەرگەیەکی دێرینی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، خەباتی چەندین ساڵەی خۆم زۆر بە دڵسۆزانە پاراستووە و وە یەکێتیش وای فێرکردووم ئەگەر ڕەخنە و گلەیی و گازندەم هەبێت لەڕێی دسپلینی حزبایەتی خۆمەوە بوێرانە بیگەیەنمە شوێنی مەبەست، ئەمە و لەلایەکی دیەوە بەندەتان نوسەر نیە و تەنها خوێنەرێکی بەردەوامی هەمە لایەنەی سایت و ڕۆژنامەکانم.

هەرکەسێکیش بە چ ناوێکەوە ئەنوسێت، سەربەستە و حەقی خۆیەتی بەڵام ئاگادری هەموو لایەك دەکەم ئەو بەڕێزە کە ناوی جەمال چاوشینە، من نیم.

لەگەڵ سوپاس بۆ گشت لایەك،
هیوادارم ئەم ڕوونکردنەوەیە جێی مەبەستی پێکابێت و بڵاوبکرێتەوە.